## عیرفان و کەماڵیزم , قافییە و زیل
## وەڵامێك بە نوێنەر ، لایەنگر یا بەردەستێکی ئاغای هەباسی وەلی

پاش نووسین و بڵاوکردنەوەی وتارێك لەسەر تێئۆرییە کەماڵیستییەکەی ئاغای هەباس وەلی- مامۆستای میوان لە زانکۆ یا زانستگەی بوغازیچی تورکییە- بەرپرسی بەرێزی سایتی ئینترنێتی بۆکان- رۆژهەڵات، بە ناردنی بەرقی نامەیەك( ئیمێل) ئاگاداری کردم کە ئاغای هێرش (سولەیمانی چیرە) بەرپرسی گۆڤاری گزنگ لە سوئێد، لە رۆژی 12 مانگی مای 2004وتارێکی بۆ ناردووە تا لە سایتەکەی دا بڵاو بکرێتەوە. وتارەکە بەرواڵەت بۆ پاراستنی قافییەی تێكبەزاوی مەولەوی بەلخی بووە کە من دەبێ لە روی نەزانییەوە بۆسەر زمانی کوردی وەرمگێرابێ.
دوو رۆژ پێش لە گەڕان بەدوای سایتە کوردییەکاندا چاوم بە سایتە تایبەتییەکەی گزنگ کەوت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە چەند وتاری" تێئۆریکی" مامۆستا هەباسی وەلیو وتووێژی ناوبراو لەگەڵ رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە سەر" هەرزاڵی " تایبەت بەخۆی داندرابوون، پێم وابوو ئەوە راست ئەو شوێنەیە کە دەبێ بابەتەکەی بۆ بنێرم تا بەرێز هەباسی وەلی بێخوێنێتەوە. ئەو کارەشم کرد. رۆژێك دوای ئەوە بەرێز هێرش بە ناردنی ئیمێلێك ئاگاداری کردم کە نووسیبووی : "لەبەر ئەوە وتارەکەی من بۆ شوێنی دیکە ناردراوە ئەو لە سایتی گزنگدا بڵاوی ناکاتەوە."
ئەوەی دەیخوێننەوە بەرواڵەت پێوەندی بە 6 شێعری مەولەوی بەلخی – قۆنیاییییەوە هەیە کە من ماوەیەك لەمەو بەر کردبوومە کوردی. بەڵام باسەکە بەدەوری قافییەدا دەسوورێ. قافییە، وەکوو سیستمی فکریی، نەزم، هەڵوێستی سیاسیی، قافییە بۆ شێعر و لە شێعری کوردیدا. بە سەرنجدان بە شێعری شاعیرانی غەیرەکورد لە زنجیرە وتارێکدا باسی دەکەم.
ئاغای هێرش یەك لەو دەگمەنانەیە کە پێنج- شەش ساڵ لەمەوبەر کەونە برادەرێك دووراو دوور بە نامە پێی ناساندم. ئەو کاتە وەرگێردراوی کتێبی " ماهوالشعر" ی نزار قەببانیم بۆ چاپ ئامادە کردبوو. برادەرەکەم ئەو کاتە نیشتەجێی لەندەن بوو، ئاغای هێرشیش نیشتەجێی سوئێد. سەرەتای پێوەندی گرتن بۆ چاپی کتێبەکەم لەگەڵ ئەو ئاغایە بەو جۆرە دامەزرا. لەو کاتەوە تائەمرۆ کە لە پێنج سال تێدەپەرێ، تایپکراوی کتێبەکەم هەر لەلای ئەو بەرێزە ماوە. من لە و ماوەیەدا لەو ئاغایە بێخەبەر بوم. بە تەلەفوون و بە نامەش نەمتوانی پێوەندیی پێوە بگرمەوە. وەرگێردراوی کتێبەکەشم لەبیر کرد تا وتارەکەی 2رۆژ پێشی بەرێز هێرشم خوێندەوە. "خزمی دوور و قەرزی کۆن " هاتەوە سەر پەردە و ئاکرانی زەین. "صلی علی محمد، بخشعلی خان باز امد"
ئاغای هێرش بەرواڵەت بۆ دیفاع لە مەولەوی بەلخی- قۆنیایی و لە راستیدا لایەنگری ناراستەو خۆ لە ئاغای هەباس وەلی، مامۆستای تێئۆری توناکردنی دۆزی سیاسی کورد، خۆی کێشایە ناو باسێك کە نە بەشیاوی دەزانم و نە وێچوو. بەڵام سعدی گوتەنی :" دوچیز طیرەی عقل است: دم فروبستن بوقت گفتن و گفتن بە وقت خاموشی "

لەو وتارەدا نووسەر بەخەیاڵ بۆ دیفاع لە مامۆستاکەی  و بۆ  لایەنگری لە تێئۆریی کەماڵیزمە شەرمێونەکەی، وەکو مڵە چەپەکە ڕەهەندێکی نهێنی بە ئەستووراییی کلکە مشکێك بەرەو جیهانی عیرفان و شێعری مەولەوی، قافییە  و ئەدەبی کوردی لێداوە. ئاغای هێرش بەرواڵەت ویستوویە لاسایی ئایەتوولا کڵاو لەنگەرییەکەی  بکاتەوە کە وەکو قرژاڵ بە چەند سەر دەڕۆیشت. لەشی لە تاران ، مێشکی لە مۆسکۆ، پشت بە ك. گ. ب ، دایم ڕەنجەڕۆ. کوێخایەتی و نۆکەری ، ئاژاوەنانە و تێکدان ، ئەمانە سوننەتی داسەپاوی ئەو بەرێزە بوو کە هەتا ما وەفادارانە بەجێی گەیاندن. ئەو کاتەش کە تەمەنی درێژی بۆ ئەندامانی حیزبە داپلۆخاوەکەی بەجێهێشت. ئەو سوننەت و داب و ڕەوشتەی لەلایەن تاقمێك لە وەفادارانییە دەقاودەق کرا بە ئانا یاسای حیزبە کەیان و پەیڕەوی لێکرا. یەك لەو وەفادارانەش دەبێ ئاغای هێرش بێ. هەر دەبێ واش بێ، چونکە کورد گوتەنی:" گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ. "
ئەوەی من لەقافییەنامەکەی  ئاغای هێرش بۆم دەرکەوت ئەوەبوو کە ئەو بەرێزە ویستوویەتی خزمەتێك بە ئاغای عەبباسی وەلی بکا تا لەژێر گوشاری لەقاودانەکە بتوانێ کەمەری چەماوەی برووکەیەك ڕاست بکاتەوە.
پاش ئەو یادکردنەوە کتوپڕەی ئاغای هێرش و ئەو بە هەڵکەوت سەردانی سایتی بۆکان و شێعر دۆزینەوە و ناردنی ئێمێل و قافییەسازیی  ئاوا کتوپڕی  پاش لەقاو دانی کەماڵیزمەکەی هەباس وەلی، کەوتمەوە بیری قسەخۆشەکەی حەمەی وسووە کوتکە و محەممەدی مەلا مەولوود. دوو پیاوی دەستکورتی مەهابادی کە لە ڕێیەدا دە تمەنییەکی دەبیننەوە. حەمە  پێی لە سەردادنێ بۆ ئەوە محەمەد بە فریو بەرێ و لەگەڵی بەش نەکا، ڕووی تیدەکا و دەڵێ:
حەمە من لە باپیری خۆم بیستووە ، ئەو حاندەی من لەسەری ڕاوەستاوم قەدیم دەبێ ماڵی خاڵم بوو بێ. هۆو شەقامە ڕێیەش دەبێ بێستانی ماڵی خاڵم بوو بێ. شووتی و کاڵەکی نابێ لەدوو پووت کەمتر و توور و گێزەری گەزێك بە عەرزیدا ڕۆ چووبێ. دەیەوێ دابێتەوە  و قوڵایی ڕۆچوونی توور و گێزەری نیشان بدا و بەو بیانووە  دەتمەنییەکە لۆ خۆی هەڵگرێ. محەممەد لێی وەدەنگ دێ و دەڵێ:  لە و توور و گەزەرەی گەڕێ! بیکە دوو پێنج تمەنی و نەجاتم دە.
ئەوەش مەسەلەکەی ئاغای هێرشە کە  پێویست نەبوو بۆ دیفاع لە وەلی ، مەولەوی بکاتە بیانوو. باشتر بوو بیکاتە دووپێنج تمەنی. "
کورد بۆ هەموو بابەتێك قسەیەکی نەستەقی هەیە. ئەزموونی باووباپیرانە کە گوتوویانە: قامکت بنێ بن ددانم بزانە گەزەگەزە دەزانم؟" پێویستی بەوە نەدەکرد ئاغای هێرش خۆی تووشی شتێك بکاکە کاری ئەو نییە." سەرێك کە نایەشێ، پرێسکەی تێناپێچن." ڕەنگە یەك شت هەبێ لە ئارادا کە ئەو هەقە بە کاك هێرش بدا کە ناراستەو خۆ لە ئاغای وەلی دیفاع بکا. من  نەمتوانی  لە سیغەی فکریی تودەییەکی تۆخ و دژی کۆموۆنیستێکی هەڵپەرەست و یەکگرتنی ئەوانە حاڵی بم. هەرچەند شێوازی کاریان یەك بێ و لەکردەوەدا وەکو ڕوومای یەك قۆشە یان یەك عەبباسی بن. ڕەنگە وابەستەگییەکە دوو لایەنە بێ. یەکیان بۆ کوردی نووسین ترکی بیلمەزە، ئەوی دیکە لەنووسیندا بەقافییە لەسەرە. ئەو کەمو کووڕیی و داراو

نەدارییە دەتوانن ئەو یەکگرتووییە چێ بکەن . والله اعلم بالصواب. هەر چەند ئەو گەندەڵفێلە تەنیا جارو دووان دەکرێ. بەڵام بۆ دەرخستنی رووماى راستەقینەى هەڵپەرستان کارێکی زۆر پێویست نییە چونکە خوێنەر ژیرە و زۆر زوو ئاپاراتچی، بازرگان، لە کار دروستان هەڵداوێرن.

با پێکەوە بچینە سەر باسەکەی ئاغاى هێرش ( سولەیمان چیرە) و لە گۆشەى چاوى لایەنگرێکی قافییەی سەردەمی سووتوو و پووشوو، لە گرنگی قافییەی شێعر و سیاسەت و حکومەت بدوێین.

بەرێز ئاغاى هێرش بە نووسراوە پر لە گازندەکەى تاوانباری کردووم کە من " غەزەلێکی مەولەویم بە" ناتەواوی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی." واتە لەبری 13 شێعر 6 شێعرم کردووە بە کوردی. هەر وەها فەرموویانە کە وەرگێردراوەکە بێقافییە، چێ کراوە. لە داشقەیەکی شکاوم ناوە. واتە زرە کەوم و بە خاسەکەو بە خەڵك داوە، کوردی کرێگرتەی 9ملیۆن دۆلاری ناتۆیە و بە دێموکراتم ناو ناوە. ( ئەو کاتە ی لا بالی ئەکسەرییەتی چریکی فیدایی پاسدارانی برادری بە فرکە بۆ راوە کورد بۆ شار و گوند و ماڵ و سەنگەری کوردان دەفراند و لەزیندانان روحی کوردایەتییان دەکولاند، بۆ حیزبەکەی ئاگای هێرش دێمۆکراسی بڤە بوو. ئێستا هەر ئەو دێموکراسییە دێری سەرەکی و قافییەی شێعری کۆمەڵگا مەدەنییەکەی ئاغاى وەلی و لایەنگرانێتی) گەلۆ دێمۆکراسی شتێکی سەیرە ! هەم بڤەیە هەم پارووەچەورە!

بەر لەوە بمەوێ وەلامی ئەو رێزدارە بۆ قافییە و وەرگێران و رەخنە و تێبینییەکانی بدەمەوە و رێنوینییەکانی لهبەر چاو بگرم، دەمەوێ بێژم ئەوە هەر من نیم کە سەروام بەزاندووە، قافییەم تێکشکاندووە. مەولەوی خۆی لە هەموو شاعیرێك زیاتر بێ قافییە شێعری گووتووە. بۆ خۆشی نەهەر هاواری کردووە کە قوڵفەی قافییەی شێعری پەڕاندووە و پزووی کێشی شێعری رەواندووە بەڵکو بە شادییەوە ئێژێ کە ئەو کارەی بۆ خاستر دەربڕینی مانا و مەبەست و پەیامی شێعر بە پێویست زانیوە. وادیارە ئاغاى هێرش هێرشیی و بە هەڵکەوت بە سەر مەولەوی و شێعرەکانی داکەوتبێ یان تازە کتێبەکەی فروزانفری دۆزیبێ بۆ ئەوە لە مانای ئەو دێرەی بە کوردی نووسیویە شارەزا بێ. سەیریش نییە کە لەبری خوێندنەوەی کتێبەکەی خانەی دایی یوسف، بەداوی شێعر و عیرفاندا وێڵ بێ، چونکە ئەوە ئێستا باوە.

لە ڕوسییا، پاش تێك قرمانی بربرەی پشتی توتالیتێرەکان، سەربازانی فیداکاری پرۆلێتاریا بیرمەند و لایەنگرانی ماتریالیسمی دیالکتیك بە ملیون بوونە مارگر ، نووشتەنووس ، رووحگر و زەرگوەشێن. بە ملیونانیش کچ و کوڕ بەرەو رۆژئاوا ڕەوین تا مێشکی تێکچوو وروحی پەرێشانیان لە کارخانەی مێشك تێکدەرەی سیستمە حکوومەتییە تۆتالیتێرەکەیان رزگار بکەن. ئەم وەچە لێقەوماوەی بەرهەمی ئەو دەزگا نگریسە، ناچاربوو بۆ بژیوی خۆی، کەرامەت و کەسایەتییەکەی بخاتە نێو کۆشی ترك ، ئاڵمانی ، فەرەنسەوی و عەرەبان. بەشێك لە کۆنە عەسکەرە کانی حیزبە سیاسییەکانی ئێرانیش کە بۆ دامەزراندنی ئەو سیستمە تۆتالیتێرییە چەکیان دەکێشا، لە نێو ئێمەدا روویان لە عیرفان و حەڵلاجبازی نا و دووکانی چەندسووچی مەدەنییان کردەوە، بۆ ئەوە، لەرێگەی عیرفانەوە، چارەسەری ئەو نەخۆشییە دەروونییە بکەن کە لە لایەن" ئیمپریالیستیی مشەخۆرەوە بە چینی پرۆلێتاریای

بەشخوراو" گەیشتبوو. بریا ئاغای هێرش لەسەر ئەو قافییەیە تشتێکی نووسیبا و سەرنجێکی ویژدانی وەخەبەر هاتووی نووسەری کتێبی ماڵەکەی خاڵە وسووی دابا. خوزیا ئەو بەرێزە بە جێی خولدان بە دەوری شێعر و عیرفان و هەق و داد و دیفاع کردن لە مەولەوی بەلخی باسی سەربردەی روحی هەزاران رۆڵەی کورد، ئاشقانی کوردستان، گیانفیدایانی مێژوو کە هەموو مرۆڤایەتی پێیان قەرزدارە، کردبا. حروفییە مرۆڤی لەچەشنی ئەوانی بە خوا ناو دەبردن، مەولەوی بە پاژێك لە وجودی نووری هەتاهەتایی دەزانین بەڵام سازمانەکەی ئەو ئاغایە و دەستەبراکەی دەست و چاویانیان دەبەستن و دەیاندانە دەستی پاسدار بۆ ئەوە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ ناتو و وەرگرتنی 9 ملیۆن دۆلار بیانکەن بە کۆی زووخاڵ. باشتر وابوو ئەو ئاغایە لە قافییەی نەزمێك بدوێ کە لەهەموو ولاتانی پێشکەوتوودا باوە. قافییەکەش ئەوەیە کە هەموو سیاسییە تێشکاوێك کە قەڵێکی لێهەڵدەفڕێ، دەچێتەوە ماڵەکەی خۆی و وەکو کوێرەقازێك سەری وەبن باڵی دەدا. چاوەروانی قوڵە عیزراییل دەکا تا لە نۆرەی باوێ و گیانی بە کونەگوێیدا هەڵکێشێ. نموونەی ئەو کەسانە لە جیهاندا زۆرن. کۆل ، گارباچڤ، یلتسین، کلینتۆن،... هەر لەوڵاتی ئێمە و هاوچەشنەکانێتی کە جینایەتکاران تا لنگ درێژ دەکەن حوکم دەکەن. پاش ئەوانیش وەچە، نەوە، نەتیژەو نەدیدەیان درێژە بە کوشتاری خەڵك دەدەن. بەلێ ئەوانەش هەقی خۆیانە ببنە عارف، ببنە بن بێللا و موسوڵمانی گیانفیدای خومەینی تا قاسملووی بۆ لەداو بخەن. (دەفتەری بیرەوەرییەکانی بەنی سەدر و کتێبەکەی پیترپیلچ بە ئاڵمانی لەسەر ئێعدامی دوکتور قاسملوو و عەبدوللای قادری- دوو کرێگرتە ی ناتۆ لەروانگەی باڵی ئەکسەرییەت و توودەوە- بە ئاڵمانی بخوێننەوە) . ئەندام و لایەنگرانی ئەو حیزبانە کە کتێبی سەرشۆڕی و هەڵە و خزمەت بە بیانی و خیانەت بە گەلیان لەسەر نووسراوە و بۆ خۆشیان دانیان پێدا ناوە، باشتر وایە لە و سوننەتە باشە فێر بن.

عیرفان بۆ خۆ ناسین و خۆناساندنە. با کاکی عارف بێ و خۆی بناسێنێ. یەکەم قۆناخی عیرفان پلەی خاوێن کردنەوەی رووحە. (تزکیە نفس) . تا ئەو قۆناخە نەبڕدرێ دەرگای گاڵەدراوی عیرفان ناخرێتە سەر پێ.

عیرفان و شێعری عارفانە لەگەل قافییە و نەزمی پاشماوەی مرۆڤخۆرانی صفویە یەکتر ناگرنەوە. ئەندامێکی سازمانی ئەکسەرییەت کە دەیەوێ بە عیرفان، ویژدانی بریندازی دەرمان بکرێ، دەبێ بەر لە هەر تشتێ لە روحی گەورەی رۆڵە کوژراوان، لە بێوەژنانی شەهیدان، لە هەتیو کەوتووانی دەرك و کۆلانان و لە هەموو کورد داوای لێبوردن بکا. ئەو جۆرە کەسانەو عیرفان! مەولەوی و سیغەی فکری لە گەڵ ئەکسەرییەتی مەسلەك!! دەرگای تۆبە ئاواڵەیە. هەر کەس کە خوازیاری تێکەڵبوون لەگەڵ رەوشتی عارفانەی کورد بێ و بەرەو عیرفان بکشێ تا ویژدانی پەرێشانی بە بەزەیی و ودمی رەحمەتی بێ سنووری گەلی کورد دەرمان بکرێ، یەك رێگای لەبەرە . ئەویش تۆبە کردن و و خۆ لە تاوان پاقژ کردنەوەیە.

ئێستاعیرفان و خویندنەوەی شێعرەکانی مەولەوی و قەممەکێشان و زەرگ لەخۆدان بووەتە باو. ئەوەش بێ دەلیل نییە. چونکە نەمانی حکومەتی توتالیتێرەکان بێ بایەخیی تێئۆری زۆر وتوێژفرێدانی توێژی قەرەپشی و دەسەڵاتخوازی چینێکی تایبەتی بەدواوە بوو. ئەگەر

بەزمانی شێعر شرۆوەی بکەین دەلێین: تێکچوونی ئەم نەزمە، یانی تێکدانی قافییە. یانی تێکرماندنی ئەو نەزمە جەهەننەمییە کە رژیمی وەکو سەددام و خومەینی و تالبان و ئۆنیکێر و کاسترۆ و کابرا دزەی گورجستان و گورگەبۆرەکانی لێکەوتبۆوە.

بە نەمانی قافییە، شێعری ژیان حالّ و هەوایەکی دیکەی پەیدا کرد . ئەو سرەمارانەی کە ژاری نەزم و قافییەی سانترالیزمی گردو کۆیان دەکردە نێو جەستەی لاوانەوە و خاشەبڕکردنی بەشێك لە گەلیان بە دەستی بەشێکی دیکە دەکردە ئەرکی مرۆڤ، ئێستا بەلایەکی دیکەدا دەتلێنەوە. کەوتوونە سەر شانی مەولەوی خوێندنەوە، بێ ئەوەی جیهانی مەولەوی لەگەڵ سیبریای رەفتاری ئەوان بۆرەئاشنایەتییەکی هەبێ. راستە کە مەولەوی جەبرییە. لە فلسەفە بێزارە. بەڵام جەبری ئەو لە چەشنێکی دیکەیە. ئەو مرۆڤ بە تریفەی ژیریی ، نووری بێ گەرد و ئازاد، (رەها) پاژێك لە خوا ، گردیلەیەك لە کۆی هەموو هەبوون و گەردوونان دەزانێ. مرۆڤ لە روانگەی ئەوەوە دارێژەری جیهانە. بەشێکە لەم ئەبەدییەتە ( هەتاهەتایی). لە شێعری وجود دا ئەو قافییەی بێ قافییەیە. ئەو بەندەی کار نییە و کارفەرمای تۆتالیتێر. ئەو ئازادە لە هەر مەسلەك و ئایین. ئەوانەی دەیانەوێ لە مەولەوی بگەن زۆریان پێویستە. "مهلتی بایست تا خون شیر شد". بێهۆش کردنی لاوان بۆ دوورکەوتنەوە لە مەیدانی سیاسەت و رێگا چۆڵ کردن بۆ لایەنگرانی حەسەن سەبباحی ، خومەینی چێتی، گورگەبۆرەکان و نەزمی تاڵەبانی - پاکستانی جادەسازییە بۆ گەڕاندنەوەی زرێپۆشی مۆتۆرداغانی توتالیتێری. ئەوانەی کە تا دوێنێ، عیرفانیان بە تریاك دەشوپاند، گاڵتەیان بە مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ دەهات، ئێستا بوونەتە داهێنەر و عارف و مرۆڤدۆست. سعدی گوتەنی: بەرادەی هەڵمژین و دەردانەوەی هەناسەیان یاهوو کیشن. ئەم عارفانە گەرەکیانە بە هەڵشێلان و لێكگرێدانی ریزێك خەونی دوای ساونا کۆمەڵێکی مەدەنی دروست بکەن و گۆنگەلێکی دیکە بنێنەوە کە نەسیاسی بێ و لە گرفتی کۆمەلایەتی و میللیش بە دوور. بە بۆچوونی ئەوان دەبێ ئەدەبیاتی سیاسی بە شێوەیەکی دیکە گۆچ بکرێ کە تێیدا باسێك لە مافی سیاسی گەلّی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووس لەئارادا نە بێ.

بۆ ئەوە زەینی لاوان لە ژیانی سیاسی و مافی سەروەریخوازی خالی بێ ، دەبێ فێریان بکەن، عیرفان فێر ببن، زەرگ لە خۆ بدەن، مار قووت بدەن... ئەمەش کەشف و داهێنانێکی تازەیە. گەر شێرەواقە لە قیرە بکەوێ، کۆڕی قورواقان بکەونە قیرە؛ قیرەی بە قافییە.

مەولەوی ناسان دەزانن کە ئەو شاعیرە خۆی لە بەندی قافییەدا قەتیس نەکردووە. ئەگەر مەولەوی قافییەی شێعری تێکدا بێ و لەحالّی جەزبەشدا سنووری سەروای تێك بەزاندبێ، بۆچی بۆ منی کورد کە شێعرەکەی بکەمە کوردی و گرێپووچکەی قافییە ێ برەوێنمەوە نارەوایە؟ شا بەخشیویە ، بەخشالیخان نایبەخشێ!! ئەگەر من لە 13 شێعر شەشم کردووەتە کوردی و ئەوە کەتنێکی گەورە بێ، دەبێ هێمنی موکوریانی کە لە ناڵەی جودابیدا تەنیا یەك شێعری مەولەوی " هرکسی کو دور ماند از اصل خویش بازجوید روزگار وصل خویش هێناوە و روحی شێعرەکانی خۆی پێ دەولەمەند کردووە، جینایەتێکی گەورەی کردبێ!!

بەزاندنی قافییەی شێعرێکی مەولەوی بۆ من بە کەتن و دژایەتی بە ئەدەبی فارس و بە شێعری مەولەوی لەقەڵەم دراوە. زۆر کەس لایەنگری قافییەیە. زۆریش قافییە بەزێنن.

ئەوەش زیانی بۆ ئەدەب وچاندی کوردی نییە. فارسیش کوردی ناخوێننەوە و نایەوێ فێریشی بێ و پێویستیشی پێی نییە ، هەر فارسەو لە نیما بەدواوە قافییەیان وەلاناوە. ئەوەش تاوان نییە کە کەسێك شێعرێك لەزمانی بیانییەوە وەرگێرێتە سەر زمانێکی دیکە و قافییە کەی تێك بشکێنێ.

رەنگە بەرێز هێرش، کتێبێ فاوست بە ئالمانی و بە تەرجەمەی م. بە اذین( محمود اعتمادزادە) و کمدی الهی دانتە ی بە وەرگێرانی شفا بێستبێ یان خوێندبنییەوە. ئەو کتێبانە بە شێعرن، بەلام وەرگێرەکان، ئەو کتێبانەیان بە شێعر وەرنەگێراون. ئەوەش بێ کەمالی و نەزانی وەرگێرەکان ناگەیەنێ. چونکە خاپاندنێك لە کاری ئەو وەرگێرانەدا نییە تا هێرش کردن بۆ سەریان کارێکی رەوا بێ. ئەو کەسانە خزمەتکاری گەلن و قەومی فارس زۆریش بەرمنەتیانە.

بەلام ئەوکەسەی ئێستا لەژێر پەردەی کۆمەڵگای مەدەنی پروپاگەندە بۆ کەمالیزم دەکا ، بە گەندەڵفێڵی دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی بە جێگای حیزبی سیاسی لاوان فریودەدا، ئەوکەسانەی کە ئاخونیان بۆ لەشکرکێشی بۆ کوردستان هان دەدا و جاسوسییان بە دژی کورد و بۆ ئاخوون بە ئەرکی نیشتمانی دەزانی ، ئەوانەی لە ئەشکەنجەگاکاندا لاوانی کوردیان قەلت و بڕ دەکرد و بۆ ئێعدام کردنیان مەزبەتەیان ساز دەکرد بۆ ئەوە یارمەتی بە سەقامگرتوویی سیستمی مەرگ و خوێن بکەن، ئەوانە تاوانکارن و سزایان هەیە. کردەوەی ئەو قافییەچییانە تاوانە. ئەو قافییەبەزاندنە تاوانە.

بە کوردی نووسین و بە کوردی کردنی شێعر دەکرێ هەر بە پێی بەندەکانی قانوونی ئانایاسای کەمالێستەکان و قانوونە ئاساییەکانی ترکان سزای هەبێ. راستە مەولەوی لەقونییە ژیاوە. لەوێ مردووە. ترکیش مەولەوی بە ترك دەزانێ. جا ئێستا کوردێکی دژ بە کەمالیزم هاتووە، شێعری مەولەوی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێراوە ، ئەوە بە بروای هێرشکەر کەتنێکە و بۆ بەخشین نابێ!!. بەلام ئەگەر تێئۆریداتاشێك دژی کورد و حیزبە سیاسییەکانی بە زمانێکی بزماری تشتێکی نووسی کە کۆرو کۆمەل پێبخاپێنێ، کۆڕ و کۆمەلی بۆ پێك دێنن و لە تورکییە دەیکەنە مامۆستای زانکۆ، ئەویش بە خەرجی خۆی؟!!

بەخوا برا تەواوە، جلکی بەری شۆراوە. ئاغای هێرشیش سایتێکی گزنگی بە و هەموو سەرخان و بنخان و سەر لێژو کەنداڵ و سەر هەرزاڵ و بن سیپەو دیوەخانی و ئەندەروون و بیروونەوە بۆ لێدەدا بەلام رێگە بە من نادا کە بە گەلەکەم بێژم : گەلو لەو خۆرە فکرییە وشیاربن ! بۆم دەنووسێ بلاوی ناکاتەوە چونکە لە شوێنی دیکە بلاو کراوەتەوە بە لام وتووێژە کەی ئاغای وەلی لە کوردستانی نوێ دەردەکێشێ و لە هۆتێل چل دەرگای گزنگدا بلاوی دەکاتەوە. ئەوە لەحالێکدایە کە عیرفانە قافییەدارەکەی خۆی کە لەسایتەکەی خۆیدا بلاوی کردووەتەوە بۆ سایتی بۆکان رۆژهەلاتیشی دەنێرێ تا بۆی دانێن. ئەوانیش بە دلاوایییەوە لێی وەردەگرن. منیش زۆرم پێ باش بوو کە ئەو قافییەیە لەقاو بدەم کە خۆی کێشاوەتە نێو عیرفانەوە. دێموکراسی بە کردەوە نە بە قسە( دروشمەکەی عەبباس وەلی لەگەڵ کوردستانی نوێ ) کەچکە ماستێکە و پڕە لەموو.

کورد گوتەنی" سەد گوناح و تۆبەیەك" . لە روحی گەورەی مەولەوی دەپارێمەوە بۆ ئەو خەشەی کە نووسەر پێی وایە پێمگەیاندووە و لەو سێزدە شێعرە تەنیا شەش شێعرم بە

کوردی وەرگێراوە بمبورێ. هەر چەند روحی گەورەی مەولەوی بەو کەلەبچە لێدان و قافییە دانانە نە رەزایە . گرنگ ئەوەیە پەیام گەیەندرابێ.. رەنگە ئەگەر لێیان پرسیبام بۆ ئەو شەش شێعرەم وەرگێراوە؟ دەمگوت هەر ئەو شەشەم لە لا بووەو دیوانەکەیم نەبووە. یان لە سایتێکدا هەر ئەو شەشە کەوتونە بەر چاوم. خۆ ئەگەر واش نەبێ، خۆمن بە ئەمانەتەوە رامگواستوون. هەر ئەوەندەشم لە توانادابووە. رەنگە ئاغای هێرش موسوڵمانێکی مۆدێرن یان لە چەشنی لایەنگرانی ئیسلامی مۆدێرن بێ، لەبەر ئەوە با وتەکەم بەو فەرمایشتە چوار مێخە بکەم ، "لا یکلف اللە نفسا الا ما وسعها" پەروەرەندە هەر کەس بە رادەی توانای بە بەرپرس دەزانێ. من بەو کارەم دەستی کەسیشم پێ نەبریوە. لەوانەیە روحی مەولەوی لێم قبووڵ بکا. ئەگەر ئەو تەرجەمەیەی کە من کردوومە بەرێز هێرشی ئێشاندووە و خەشی پێگەیاندووە، من تاوانم نییە. ئەو لە هەستی بە هەستی خۆی دەبێ سکاڵا بکا کە ئەوەندە ناسك پەروەردە کراوە!

لە کارگەی وجودی مرۆڤدا هەموو هاو قافییە دروست ناکرێن. نموونەکەشی لە کاری رۆژانەی "موسولمانانی رێفورمخوازی کۆمەڵگا مەدەنییەکەی ئاغای وەلی دا دەبینین کە چەند بە روحمی ئیسلامییەوە مرۆڤ دەکوژن و ویژدانیشیان راحەت لێی دەنوێ. یان ...

من ئەو دەفرە ئاوی" ژیانە"م کە مەولەوی بە هەموو فارسی زوانێکی دەبەخشێ بە نیشانەی ملکەچیم بۆ کوردێکی ماندوو کردووەتە دیاری و پووڵ و پەرەشم لەکەس وەرنەگرتووە. شتێکی قەڵبیشم نەداوەتێ کە شەرمەزاری ئەو کوردە بم. کەسیشم پێ فریو نەداوە. درۆو دەلەسەشم بە کەس فێر نەکردووە. کۆشکی زمانی کوردیشم نەرماندووە. کە وابوو جیا لەوە کە پەردەدڕیم کردبێ و گەلەکەم و سازمانەسیاسییە کانیم لە پیلانی تاقمێك پیلانگێری سیاسی ئاگادار کردبێ کارێکی دیکەم نەکردووە. هەر لەبەر ئەوەیە کە هاوفکرێکی رابردوو دۆراوی سیاسی ئاغای وەلی دەمباتە مەحکەمەی بەلخ.

مێرولەیەك لاقەکوللە( کوللۆ) یەکی بەدیاری بۆ سولەیمان برد. منیش ئەو باڵە کوللۆیەم بە دیاری بۆ سولەیمانی نەتەوەکەم بردبوو. هەرکەس ئەوەی بۆی بلوی بۆ دیاری لەگەڵ خۆی دەیبا. منیش ئەوەی هەمبووە و بە بەندی دڵەوە گرێدرابوو، پێشکەشی گراوییەکەم کرد . مەبەستم سولەیمانی نەبی، پێغەمبەرە بەناوودەنگەکەیە کە زمانی دێو ودرنجی دەزانی. مەبەستم ئاغای سولەیمان - هێرش نییە کە دەیەوی خۆی بەمن بناسێنێ و بێژێ: نەکەی دژ بە هەباس وەلی بنوسی! هاها من فارسی دەزانم و لایەنگری عیرفانم.

دنیایەکی بێ قافییەیە. خومەینیش لایەنگری عیرفان بوو. شێعری عیرفانیی زۆرن.. جینایەتکارێکی وەکو خومەینی دەبێتە عارف و شێعری عارفانە دەڵێ. کاك هێرشیش خۆی لە قافییەی شێعری مەولەوی هاڵاندووە. ئەو بریا باسی عیرفانی نەکردبایە، باشتر وا بوو کە هەر باسی قافییەی کردبایە. ئەو باشترە خۆی بەم جۆرە قافییەوە خەریك بکا." این چیست ذوالفقار علی است در دستم، کبوتری گرفتم و بستم". ئەوە هەم سودی فرەس هەم قافییەی هەس .

ئاغای هێرش شێعرە وەرگێردراوەکەی منی لە داشقەیەیەکی شەق و شر ناوە کە بارگینێکی لە چەشنی ماینەکەی کوێخا عەلی شێخ رەزا یان چارەوێکەی دۆنکیشۆت دەیکێشێ. بۆ ئەوە سوپاسی دەکەم کە نەیخستووەتە نێو کورەی راپۆرتانەوە. ( راپۆرت بە کورە فەرموودەی

هەژارە لە کتێبێ چێشتی مجێوردا) ئەوەشم بۆ دەبوو بە تاوان چۆنکە خومەینی هەر خۆی عارف روزگارە، کەسیەلتر ێیجازە نەیرن وەزوان عێرفانی و عارفان شێعر بووشن.
بە پێچەوانەی ئارەزووی باشی بەرێز هێرش ، بەداخەوە من هەرگیز بارگینێکم نەبووە کە داشقەیەکی وێخەم و شێعری لێ بارکەم. ئەوەی بۆ ئاغای هێرش دزێوە، بۆ من عەینی جوانییە. من داشقەیەك شێعری کوردیی بێ سەروام لە زرێپۆشێکی پر لە فکری میت و کامیۆنێك کتێبی جابڵقایی پاسدار و زیلێك ئەدەبی بەعسی پێ باشترە. بەڵام بەداخەوە ئەو بەرەکەتە بەسەرمدا نەڕژاوە. بەپێچەوانەی خەیاڵی تیژ و شوپاندنی شاعیرانەی ئاغای هێرش نەداشقەم هەیە کە ئێستری کوێری تێکەم نە گوێدرێژی بەستەزمان کە داشقەی خەیاڵی لێ بارکەم. بەڵام ئەگەر من ئەو شێعرەی:"
مر اهل کشتیرا لحد ، در بحر باشد تا ابد
در اب حیوان مرگ کو ای بحر من عمان من.
وەکو ئاغای هێرش بەکوردی وەرگێرابا و ئەو مانایەم لە قەبرغەی توندکردبایە شەرمەزاری روحی گەورەی مەولەوی و ئەدەبی کوردی دەبووم.
ئاغای هێرش ئەو شێعرەی ئا بەو شێوەیە کردووە بە شێعر:
مر اهل کشتی را لحد، در بحر باشد تا ابد
در اب حیوان مرگ کو ای بحرمن عمان من
(بۆ ئەهلی کەشتی وەك لەحەد، نوقمی بەحر بێ تا ئەبەد)
(کوا مەرگ لە ناو ئاوی ژیان ، ئەی بەحری من ، عومانی من)
لام وایە ئەو برادەرە لە پێدادانی عابای شێعر بە شێعرەکەی مەولەویدا زۆر سەرکەوتووە. چونکە ماڵم قەبرە، کارەکەی کونبرە و چ کەلێنێکی بەدیارەوە نییە کە ژن و پیاوێکی کورد خشڵ وبەرگ و پیتاکی خۆیانی لەبەردا بناسنەوە. نە تاسکڵاو و ژێرچەنە و گوارەی وێخراوە کە گەنجی کورد چاوی لێ هەڵتەکێنێ ، نە رانك و چۆخە و کڵاشی هەورامی لە پێیدایە تا کیژەکورد لە دڵی خۆیدا لە پەناوپەسیوان بۆی بچێتە ژوانی. نە ماناکەشی ئەوەندە خویایە کە کورد تێیبگا. بریا ئاغای هێرش ئەو شێعرەی هەر بە کۆت و شەلوار و تەپلەکەیەوە ناساندبایە. ئەگەر ماناکەی تەواو و منی لە مەبەستی مەولەوی حاڵی کردبایە هەرچەند بە یارمەتی استاد فروزانفریش ئەو کاتە منیش هەم دەبوومە سوپاسوێژی مەولەوی و هەم بەرمنەتی ئاغای هێرش. لە دادێدا بە باقی نووسراوە قافییە و قوڵف و بەندەکانیدا دەچمەوە.
ئەحمەد کەویارخەلکی "حەیش ئابات بوو. 14 سال لە تەورێز لە زیندانی" حەجەماندا " دەبێ. کاتێ لە گرتووخانە ئازاد دەکرێ دەگەرێتەوە گوندەکەی خۆی. رۆژێك دەچێتە قزڵ گومبەد (قزل گنبد) بۆ ئەوە سەری خزمان بدا. زوستان دەبێ و خەڵکی گوند لە مزگەوت کۆ دەبنەوە . ئەحمەد کەویاری 14 ساڵ بەندی وەژوور دەکەێ. سلاو دەکا، پێڵاوەکانی دادەنێ و خۆی لە سۆبەی نێڵدراوی مزگەوت نزیك دەکاتەوە. دەستێك بە پۆلووە ئاوراندا ڕادێڵێ و چاوێك بە حەشیمەتەکەدا دەگێرێ بۆ ئەوە بزانێ ئاخۆ کەسێك دەیناسیتەوە؟
کاقاسمی قزڵ گومبەد، ئاغای ئاوەدانی، پیاوێکی ژیرو قسەخۆش و ئەهلی جەفەنگ دەبێ. دەیناسێتەوە . رووی تێدەکا و پێی دەلێ:

کاکە بەخێر بێی.
ئەحمد وەلامی دەداتەوە : بە نۆکەرت بم ئاغا .
کاقاسم لێی دەپرسێ : ئەرێ تۆ ئەحمەد کەویار نی ؟
ئەحمەد: بەڵێ هەوم ئاغا.
پێی دەلێ: ئەحمەد چەند سالان گیرای؟
ئەحمەد: 14 ساڵ ئاغا .
کا قاسم: ئەگەر وابێ ترکی باش فێر بووی ئەحمەد.
دەڵێ: ئوە چۆنی دەزانم ئاغا. من قاوەچی نێو زیندان بووم. بەسەری تۆ بۆ ترکی گوتن گرێم لە زمانیدا نەبوو. وا هەبوو کورد و موردی زماننەزان دەهاتنە گرتووخانە . ئاغا خۆ هەر من دیلمانجیان بووم.
کاقاسم بە پێکەنینەوە: ئەحمەد وانییە .
ئەحمەد: قوربان وایە. لێم بپرسە بزانە ترکی دەزانم یاننا. ؟
کاقاسم دەڵێ: باشە ئەحمەد سێ شتت لێدەپرسم، ئەگەر هەڵت دان کەواو پاتۆڵێکت خەڵات دەکەم، ئەگەر هەڵت نەدان دەبێ پووشێك خورما بۆ ئەو کۆڕە بکڕی.
ئەحمەددەستێك بە سمێڵکەی دادێنێ و خۆی لێفش دەکا و دەڵێ: ئاغا زۆرم پێخۆشە ، باشە فەرموو لێم بپرسە!
کاقاسم : کاك ئەحمەد بە مقاشی دەڵێن چی بە ترکی.
ئەحمەد : ئاغا پێی دەڵێن مقاشدا .
کا قاسم : ئەها ! ئەدی بە کە وش دەلێن چی؟
ئەحمەد: پێی دەلێن کەوشدا.
کاقاسم : ئەحمەد هەر ئەوەت ماوە، بڵێ بزانم بە کۆڵەکە دەڵێن چی؟
ئەحمەد : های همم ، ئاغا زۆر بە سانییە پێی، دەڵێن کۆڵەکەدا .
فەقێ سەحەی مجێور لە پەناوە دەلێ: ئەحمەد هەرسێك تەلاقم کەوێ، وادیارە ترکی لە هەموو زمانێك هاسانترە. ئەی بۆچی منی کلۆڵ کە ژاندارم و چەرچی حەجەم دێنە ئەم گوندە کێواوکێو لەبەریان هەڵدێم . قەستەم بە خودا لەمەو لا ئەوەی لێم بپرسن" دا" یەکی وەکلکی دەخەم دەبێتە ترکی و جوابی حەجەمی ..کەنیش دەدەمە و منەتی ئاغامدیریش کە فارسی و ترکی دەزانێ بە پووش . قەرار بێ لەوەبەدوا من و خەزێمی ژنم بە ترکی نەبێ قسەنەکەین. کوڕە خۆ ئێمە بەم کوردی قسەکردنەوە جووڕیاین.
مانا کردنەوەی شێعرەکەی کاك هێرش یش وەکو ترکییەکەی کاك ئەحمەد کەویار وایە هەر زمانەکەی بۆ لای کوردییەکە لوول داوە( دەنا) هەر وەکو خۆیەتی. ئەهل= اهل کەشتی = کەشتی . لەحد = لحد . بەحر = بەحر . ئەبەد = ابد . ئەی بەحری من = ئەی بەحری من ، عومانی من ...عمان من.
شێعرەکەی مەولەوی بە فارسی ئەوهایە :
مر اهل کشتی را لحد، در بحر باشد تا ابد
در اب حیوان مرگ کو ای بحرمن عمان من

بریا من مانای ئەو شێعرەم زانیبا . یەگەر کرابا ئاغای هێرش بە پەخشان مانای کردبا و پچرپچریێش بووایە لەو بووکە روبەند و لێدراوە نە ناسراوە گەلێ باشتر بوو. لەبەر ئەوە ئەگەر منیش نەتوانیوە قافییەی بۆ بکەم چارم ناچار بووگە. لەوەدا لە گەڵ کاك هێرش وەکوو یەکین. کوا مەرگ لە ناو ئاوی ژیان ؟ رەنگە مەبەستی کاك هێرش ئەوە بێ، ئاوی حەیات و مەرگ کوا رێی تێدەچێ. کۆستەی ریشپان کێ دیویە؟ دیارە کورد زیاتر ئاوی حەیات دەڵێ نە ئاوی ژیان. پاشان. در اب حیوان مرگ کو؟ بۆ دەبێتە کوا مەرگ لە نێو ئاوی ژیان! لەبەر کێش و لەبەر سەروا، مەبەست گوم بوو تونا مانا.

بۆ ئەوە وێکرا سەرێك لە جیهانی شێعر هەلبێنین و بزانین شێعر چییە، بەرێز هێرشی سەر نووسەر و هەموو شێعر دۆستان بۆ خوێندنەوەی بەسەرهاتی شێعر لەزمانی نزارقەببانییەوە بانگێشتن دەکەم. هەر چەند بەرێزهێرش دەبێ پێنج ساڵ لەمەو بەر کتێبەکەی نزار قەببانی کە بەسەرهاتەکەی هەر لەم بەشەدا نووسراوە خوێندبێتیەوە. پاشان باسی کولیی خۆم لە شێعر و شێعر هۆندنەوەدا دەکەم بەو تێبینییە کە من هەرگیز ئیددیعام نەکردووە و نایکەم کە شاعیربووبم و دەبم. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە یەك دوو هۆی تێکنیکی بۆ گرێپووچکەی دێخوونی قافییە و رەواندنەوەی پزووی شێعر باس نەکەم. دوایە دەچمە سەر نووسراوەکەی قەببانی. داستانی من و شێعر با بمێنێ بۆ دادێ.

پێنج شەش ساڵ پێش ئێستا بە پێشنیاری کۆنە دۆستێك وەرگێراوی کتێبی ماهو الشعر واتە" شێعر چییە" ی نزار قەببانی م بۆ ئاغای هێرش (سولەیمان چیرە) بەرێکرد. ئەو کاتە من نەمدەناسی. رەنگە ئێستا لە بیری نەمابێ کە قەرار بوو ئەو وەرگێردراوە جوانەمەرگەم بۆ لەچاپ بدا. هەروەها رەنگە لەروی لوتفەوە فەرامۆشی کردبێ، یان پێی وابووبێ کە کوردێکی دژبەری سیاسی کۆماری چەتەی بیرو ژیان ( کۆماری خومەینی) نەیاری ئۆردوگای بە تەل تەنراوی پر گاز و زرێپۆشی دەستکردی دەوڵەتی پرۆلێتاریای تۆتالێتێری ئەوکات و دزێوی گۆنگەڵگاکەی وەلی ( کۆمەڵگای مەدەنی) چ رایەی دەکەوی شاعیرێکی جوانی پەرست و لایەنگری مافی مرۆڤی نەتەوەیی عەرەب بە خەلکی کورد بناسێنێ و کولێرەشەکریی شێعری ئەو بداتە دەستی لاو و کیژی کورد. ئەو کاتە مەسەلەی ئیتنیك و میت نیك لەگۆرێدا نەبوو. رووگە هەر شێعرەکانی" خومەینی ئەی ئیمام بفرما کی بیام " بوو. هەر وەکوو ئێستا بابەتی سیاسی کە لەسەر کەماڵیزمی ئاخوندی ( رووکارەکەی دیکەی قۆشەی عەبباسی) نووسرابا بەو بیانووە کە نووسەر بروای بە حەدیسی ئیمامی جەردەو رێگران نە بوو نووسراوەکەی لەبەر هەیوان و ژێرخان و تەنانەت لە سەربانیش رێگەی نەدەدرا. هەر وەکو ئێستا بۆ کەسەیلێ بێ ئەوە لەسەر حوکمیش بن ئەوهە یان لا باوە. با لەوە گەرێم، بە قسەی ئەوان" سیاسەت بۆ کورد گڵاوە ، پیسە، ، ئێستا دەور دەوری کۆسمۆ پۆلیتیسمە . پاش شکانی دیزە رۆنی شوانی تۆتالیتێر ، کۆن بوونی فەلسەفەی پرۆلێتێری بێ خێر ، بەوتەی ئاغای عەبباس وەلی 'دەور دەوری گەمەی نە ئیتنکی و یەکسانی کۆمەڵگای ژن و مێرە. مافی سیاسی بۆ کورد هەم خراپە هەم بێخێرە.

بەڵێ واهات لەگەڵ بەڕێز هێرش قەول و قەرارمان دانا کە کتێبەکەم بۆ بدا بە کتێبفرۆشی هەرزان تا لەوێ بۆم لەچاپ بدەن. ئێستاش نامەکانم هەرماون کە بەخەتە شیرنە کەی بەڕێز نووسراون وا جێگەی هەرە ژووری میوانخانەیان بۆ تەرخان کراوە و لە سەروی نامەی مەزن سیواتداران لەو شوێنەی کە من بە هۆتێل پێنج ئەستێرە ناوم لێناوە ،خرپ خەویان لێکەوتووە. ئەو کاتە تەلەفوون و ئەم کارت و مارتە لە ئارادا نەبوو و کەم کەس دەیتوانی بە دوو سێ مانگ جارێ هەلاویك بکا، قەول و قەرارمان دانا کە بەرێزیان بە چەند هەزار کرۆنێك( ئەوکات نەمدەزانی کرۆن چەند رووبڵە، ئێستاش نازانم چەندی بە دۆلارێکە) بۆم لەچاپ بدا. نیشان بەو نیشانە بوهای چاپی کتێبەکە لەلایەن ئاغای هێرشەوە بە هۆی" گران بوونی کاغەز و جەوهەر و نەبوونی خوێنەری کتێبی کوردی و باسی شێعر و شتی وا کە بۆ کوردی براکوژ و کەللە رەق و جینگەنە و وازوازی کەس پارەی پێنادا هەتا دەات گرانتر دەبوو. بەڵام ئێستا کۆمەڵگاکە بووەتە تەواو مەدەنی. لەبەر ئەوە پۆلووی بەڵێنی بوو بە خۆڵەمێش و جیا لە مۆنجێك بیرەوەری لە مێشکمدا و ئەو چەند نامە سەرو بن قرتاوە لە دەفتەری هۆتێل 5 ستێرۆکدا تشتێك نەما . قەرار وابوو بۆ 200-300 جڵد لەو کتێبە ئەگەر کتێبفرۆشی هەرزان بە هەرزان چاپی کردبا، دەبوو منی گیرفان بەتاڵ، بێجگە لەوە خەرجی چاپم دابا، خەرجی ناردن و بردنیشم بۆ ناردبا. هەڵبەت دەبوو وابێ. لە کەونەوە گوتراوە:" بوزورگی خەرج میخواهەد" منیش کە ویستبووم ناودار بم، دەبوو خەرجی بۆ بکەم. قەرارەکە لە سێهەزارەوە بەرەو ژوور دەستی پێکرد و تا حەوت و هەشت خۆی هەلکێشا. دەبوو من ئەوەندە پارەیە بدەم بە سەرقەڵەمانە. چونکە گەیشتبوومە مریشکەڕەشە.. مامۆستا بە ئاشکرا ئاوی گوێی دادابووم: "بێ مریشکە رەشە نامەشێ" دەبوو کتێبفرۆشیی هەرزان لەسەر کەوڵی پرلە ئاەو نووزەلەی من گۆشتی مریشکە رەشە نۆشی گیان بکا. منیش هەر بۆ ئەوە ناوم بکەوێتە نێو ناوان و شاییم بە خۆم بێ کە بەڵێ" ئێمەش کتێبمان" هەس، ئەم قومارەم دەست پێکردبوو. دیاربوو خودا بەسەر شاهیدە لەو بازرگانییەدا من ئیفلاسم دەکرد.

هەر کە نزارقەببانی مرد، بەرێز هێرش بە لەز داوای لێکردم سەربهوردەکەی نزار قەببانی بۆ بنووسم تا لەگزنگ دا چاپ بکرێ و ببێتە پروپاگەندە بو فرۆشی وەرگێراوی کتێبەکە. نووسیم و ئەویش لە چاپی دا.

ئەوە نزیك بە 5 ساڵی رەبەقە هەر دووکمان بێدەنگیمان لێکردووە. چوونکە نە من ئەو پەرەیەم هەیە کە ناوی پێ بکرم و خۆمی پێرانێم نە ئاغای هێرش لەبیری ماوە کە وەرگێردراوەکە بۆ خاوەنەکەی بنێرێتەوە. "ماڵی قەڵب سەر وەساحێبی"

بەختەوەرانە ئەو لێکدانەوەی بەرێز هێرش لەسەر قافییەی شێعری مەولەوی کە من دەستم پێوەی سوتا، منی خستەوە بیر ئەو کتێبە و پێناسەی شێعر و جیهانی بێ بڕانەوەی مانا و وەفاداری و راست و دروستی و گێرانەوە و وەرگێران و گۆڕان و گەڕیان و گۆڕین و هەڵگەراندنەوە....

دەبێ بەرمنەتی بم بۆ ئەو یادکردنەوەیە و داوی لێبکەم ئەو بالفعل وەرگێردراوەی " بالقوە کتێبەێ من کە 5 ساڵە لە شوێنێك لەماڵەکەی ئەو دا نووستووە و تا ئێستا تێی

هەڵنەنگووتووە لەروی دڵسۆزی بە شێوەیەکی دیموکراتی راستەقینەی کۆمەڵگای مەدەنی لەو خەوە خۆشە وەخەبەری بێنێ و بۆم بنێرێتەوە. تا بینێرمەوە بۆ کوردستانی ئازاد و لە وێ لە چاپی بدەن. لەبیرم چوو بێژم کە ئاغای هێرش وەرگێردراوەکەی منی پێ باش نەبوو، گوتی بۆ خۆی تایپی کردووەتەوە. ئەوەش خەرجەکەی دووقات هەڵکێشا بوو. دەمەوێ بە وتەی مامۆستا قازی کە هەر وەرگێرداوێکی بە زارۆکێکی خۆی دەزانی، منیش، ئەگەر بۆم بلوێ ، ئا لەم کاتەدا کە خۆری ژیان لە کلا بووندایە و ئاوی حەیاتیش نایەتە فریام، گەرەکمە گوێ بدەمە گڕوگاڵی ئەو زارۆکەم و بەرەبەرە دارەدارەی پێبکەم. ئەگەر خڕەکە بێ ، پێی هەڵگرێ ، گەورە بێ ، خەتی دا بینێرمە کۆڕی مەزنان. بەم پێیە ئاهێکم دەدەرروونی دەگرێ و دەحەسێمەوە. دیارە هونەر هەر هونەری نزار قەببانییە و من تەنیا بە جل و بەرگی موکریانی رازاندوومەتە وە و فێری کوردیم کردووە. هەر لەبەر ئەوە پێمخۆشە ئەو جل و بەرگە موکوریانییە بنێرمە نوێنگەی شۆخ و شەنگانی کورد تا بە سیلەی چاو لێی بروانن و لەبری تاعون و مانیفێستی کەماڵیزمی سەردەم بیخوێننەوە. ئیتر درێژ دادڕی ناکەم و ڕێگە بۆ نزار قەبانی دەکەمەوە کە مرواری وتەی لە سەدەفی سەر بە مۆری تەنیایی دەربێنی و بە باسی "شێعر چییە " ، کێژی شێعر چ کەشمە ، کۆڕە شێعری کاك هێرش گەرم بکاو بە گوڵاوی وشەی خۆشەویستی دڵی شێعردۆستان و هەستوەران کە پێویستیان بە رێگادانی منی تا بەحری عومان دورلە ماڵی شێعر و شاعیری نییە گوڵاو پڕژێن بکا. فەرموون با بزانین نزار قەببانی لە سەر شێعر چی گوتووە، پاشان باسی قافییەش دەکەین.

شێعر چییە؟

شێعر خاوەنی تەحر و بیچمێکی فۆتۆگرافی ناسراو نییە. نە تەمەنی دیارە، نە بنەو بنەچەکەشی ناسراوە. کەس نازانێ لە کوێوە هاتووە و بە کامە پاسپۆرت سەفەر دەکا.

پیرەکان دەڵێن: شێعر لە ئەشکەوتێکی تروپکی شاخیرا داکشا و لە شەقامەکانی شار دا ، نان و کتێب و گۆڤاری کڕی. پاشان خۆی شاردەوە و ون بوو.

دانیشتوانی لێرەوار دەڵێن : ئەو لە قووڵایی بەحرێ ڕادەرکەوت ، تەواوی رۆژ لەگەڵ زارۆکان، شەپۆل و ماسی رەنگ زێرین یاری کرد و پاشان لە قووڵایی دەریادا گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی.

منداڵانی شار دەڵێن: شێعر لە دارستانەوە هات، بە دەمیانەوە پێکەنی، چەپکە گوڵ0000، مانگ ، پەپوولە ، گەنمەشامی و کولێرەی پر لە هەنگوینی دانێ و پاشان لێرەوار قووتی دایەوە.

ژنانی شاریش دەلێن: ئەو وەکو چۆلەکەی بەهاریی هاتە لایان، بە دەندووك لەسەر لێوی دان ، خۆی بە کەزییەکانیانەوە هەڵواسی، یاری بە بازنەکانیان و هەست و دڵسۆزییان کرد. پەڕی خۆی لەسەر پۆپەشمینی پێخەفەکان بە جێ هێشت، ئینجا لە شەقەی باڵی دا و فڕی.

مامۆستای فێرگەکان دەلێن: ئەو سەر لەبەیانییەك خۆی خزاندە ژووری دەرزگوتنەوە. لەگەڵ قوتابییەکان بە زوانێك دەدوا کە فێری نەببوون. لەسەر تەتەڵەش جەند پیتێکی نووسی کە لەوە پێش نەیاندیتبوون. دوایە ئەوەی پێی گوتبوون لێی تێگەیشتن. ئینجا

نایانە سەر شانیان و بۆ خۆ پیشاندان وەنێو شەقامەکان کەوتن و هاواریان دەکرد: شێعر بکرێتە وەزیری چاند و فەرهەنگ.
درێژەی هەیە

ح. ئەیوب زادە
15.05.2004